www.kurdistannet.org
9-7-2007 12:53بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

هەولێر _ باشووری کوردستان

### پێشنیازێک بۆ لێژنەی باڵای حەج لە هەرێمی کوردستان ... هەرمان خالد

گومان لەوە دانیە، گەلی کورد لە زۆربەی گەلانی تری مسوڵمان، زیاتر پەیوەستە بە ئاینەکەیەوە. هەر ئەمەشە وای کردووە، ئەوەندەی پێیکرابێت، شتە پێویستیەکانی ئاینی ئیسلامی بە تەواوی و بی کەم و کوڕی جی بەجی کردووە، تەواو لە کاکڵەی ئەو ئایینە ئاسمانیە گەیشتووە و خۆی دوور گرتووە لە شتە لاوەکی و نەخوازراوەکان کە بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە دەکری، وەك تیرۆر و کوشتنی مرۆڤی بی تاوان.
یەکی لە ئەرکەکانی مرۆڤی مسوڵمان، ئەنجام دانی ئەرکی حەج کردنە. کوردیش زۆر پەرۆش بووە بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ئەوقاف ساڵانە سەدان کەس لە مسوڵمانانی کوردستان دەنێرێتە خاکی مەککە و مەدینە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند تێبیی و پێشنیازێك بخەمە بەردەم ئەو لێژنەیەی
بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە:

1- ئێمە ماوەیەکی زۆر نیە، لەو بەشەی کوردستان بووینەتە خاوەن کیان و پێگەی خۆمان، بەو مانایەی شارەزاییەکی زۆرمان نیە لە زۆربەی کارەکانی بەڕێوەبردنی ووڵات. وەك چۆن سیاسیەکانمان سوود لە ئەزمونی گەلانی پێشکەوتوو وەردەگرن بۆ پێشخستنی ووڵات، دەکری وەزارەتی ئەوقاف و لێژنەی بالای حەجیش سوود لە ووڵاتی ئێران وەربگرن بۆ ئەم مەبەستە. ئەوان (ئێرانیەکان) ، ساڵانە ناوی ئەو کەسانە تۆمار دەکەن، کە دەیانەوی بچنە ئەو سەفەرە و هەر ئەو کاتیش پێیدەڵێن تۆ لە فلانە ساڵ دەتوانی بڕۆی بۆ ئەم سەفەرە، بەمە کابرای دەیەوی بچێت، ئەوەندە زەحمەت و ئازار ناکێشێت، تا هەموو ساڵێك ناوی خۆی تۆمار بکات، هەر لە کاتی تۆمار کردنی ناوی خۆی، دەزانی لە کام ساڵ دەڕوا!
2- بۆ نیشان دانی ڕەسەنایەتی گەلی کورد، لەسەر ئەو کەسەی دەیەوی بچێتە ئەو سەفەرە، پێویست بکری کە بە جلی کوردی بچی و ئالای پیرۆزی کوردستانیش لەگەڵ خۆی هەڵگری.
3- بۆ نیشان دانی ئەو هەموو غەدر و تاوانانەی لە کورد کراوە، لە لایەن ووڵاتانی بە ناو ئیسلامی، پێویستە لەگەڵ هەموو قافلەیەکی حاجیان، کەسێکی زمانزان و شارەزا و قسەکەر ڕەوانە بکری، تا بەڕوونی و لە نزیکەوە کێشەی کورد بە حاجی ووڵاتانی جیهان بگەیەنی و ببێتە دەروازەیەك بۆ ناساندنی کورد بە گەلانی جیهان.

پێشتر زۆر هەولی وا دراوە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە، بەڵام با ئەمساڵ جیا لە ساڵان، ئەم سەفەرە وێڕای بەجی گەیاندنی ئەرکەکانی حەج، ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەییش بەجی بگەیەندری!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.